# قەیرانی دەسەڵات، هەڕەشە لە دەست کەوتەکانمان دەکات

## پارێزەر رفعت هەڵەبجەیی

باوەڕ ناکەم هیچ میللەت و نەتەوەیەکی دونیا هەبێت. کەسیاسەتمەداران و ڕۆشنبیرانی بەقەد، ڕوناکبیران و سەرانی کورد ڕۆڵی سلبیانە ببینن لە قەیرانی سیاسی گەلەکەیاندا.
هەروەها هیچ میللە تێکی دونیا بە قەد گەلی کورد گوێ ڕایەڵی کوێرانەی دەسەڵات ناکات.کە ئەمە گەورە ترین ئافاتی سیاسی یە کە تووشی شۆڕشە یەک لەدوا یەکەکانی میللەتەکەمان هاتووەو دێت.
زۆر بەداخەوە زۆربەی زۆری ڕۆشنبیرانمان رۆلێ ڕاستەقینەی خۆیانیان لە بیرکردوەو بونەتە بلندگۆو زمان حالێ حیزبەکان . تەنیا بە ووشەیەک داکۆکی لەمافی ڕەوای ئەم گەلە هەژارو ستەمدیدەیە ناکەن.
من کە هەمیشە ڕەشبینم لە ووتارو نوسینەکانمدا لەمەڕ ئایندەی ئەزمونی گەلەکەمان، ئەو ڕەشبینیە هەر لەخۆیەوە سەرچاوەی نەگرتووە بەڵکو لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوەیەکە ئیشارەتم بۆ کردوون.
ئەم قەیرانەی دەسەڵات کە ئێستا گەورەترن مەترسی دروست کردووە لەسەڕ ئەو هەموو دەسکەوتە باڵاو گرنگانەی کە بەخوێنی شەهیدان و ئەنفالەکان و کیمیاباران بەدەست هاتووە، کۆتایی یەکەی بە زەرەری گەلەکەمان تەواو دەبێت وسەرکردەکانی کوردیش وەکو میراتێکی بۆ ماوەیی فێرن کە شۆڕش و دەست کەوتەکانی میللەت بە هەرەس ونسکۆو ئاش بەتاڵ لەناو بەرن.
جەماوەری بەشەرەفی ڕۆشنبرانی گەل ئێوە خۆتان داوەتە دەسەت عەقڵ و حکمەتی سەرکردەکانی کورد، ئەوانیش گاڵتە بە موقەدسات و کەرامەتی ئەم میللەتە دەکەن.
من پرسیار لە ڕۆشنبیران و جەماوەر دەکەم.
ئایا عەقڵ و حکمەت و مەنطیق لەوەدایە لەم قۆناغەدا ئەو دوو دەسەڵاتە حزبابەتی بکەن، دوو ئیدارە بن. لەسەر کێشەیەک کە پێ ی دەڵێن سەرۆکی هەرێم، قەیرانی ئاڵۆز دروست بکەن، یان لەسەر وەزێرێک یان کورسیەکی بەرلەمان؟.
حەکیمی سەرکردەکانی ئێمە لە چی دایە بۆچی هەمیشە دەبێت سواری ئەسپی سۆزو عاطفیە بین و لەبەر دەم واقعدا خۆمان کوێرو گێل بکەین؟ بۆچی دەبێت نەتوانین ڕەخنە لەو دوو دەسەڵاتە بگرین ئایا دەبێت بەرژوەندی باڵای نەتەوەکەمان بکەینە قوربانی دوو سەرۆک و دوو حزب و دوو بنەماڵە؟ پیرۆزی سەرکردەکانی کورد لەچی دایە بێجگە لەوەی ئێمە خۆمان کردومانن بە دکتاتۆرو لەبەریان دەپاڕێینەوەو سوجدەیان بۆ دەبەبن ئەگەر سەرکردەکانی کورد شایانی ئەوهەموو ڕێزو پیرۆزیە بن ئێمە بۆیان دەکەین دەبێت گەلی ڤێتنام و هندوستان لە قەرزاریا بۆ (غاندی و هیشۆمین) هەمیشە لەسەر گۆڕەکەیان لە سوجدەدابن.

ئەم نەفامی و  دواکەوتن و گێلیە هەتاکەی ئێمە بۆ ڕاستیەکان نەدرکێنین. تۆ بلێ ی ئەو دوو حیزبە ترازووی گوناهو تاوانەکانیان بەرامبەربن و ئێمە و حیزبەکانی ترو ڕۆشنیرانی گەل لێمان تێک بچێ و نەزانین خەتا بار کێی یە یان حیزبی نەسازو موخالیف ئەناسین و نامانەوێ خۆمان خراپ بکەین و خۆمان تووشی سرێشەو نان برین بکەین؟.

گەلی کورد ئەوە بیست ساڵە بەشەڕی ناوخۆی شاخ و شەڕی ناوخۆی دوای ڕاپەڕینیشەوە باجی ئەو ڕاستی نەدرکاندنە ئەدات بەتایبەتی ڕۆشنبیران و حیزبە کوردیەکانی تر هەمیشە ڕۆڵی سلبی دەبینن نایانەوێ ڕاستی بلێن و حزبی ئاژاوە گێر دەست نیشان ناکەن .لە کاتێکدا بەو ڕاستی ووتنە و دیاری کردنی حیزبی موخالیف  و هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر  کێشەی دەسەڵاتی کوردی یەک لا دەبێتەوەو گەل و جوماوەر بەیەکجار سامی دەشکێت و بۆ هەتا هەتا هیچ حیزبێک ناتوانێ ڕۆڵی ئاژاوەچی بگێریت چونکە ئەزانێت گەل و جەماوەر چاوی کراوەتەوەو لێ ی بێ دەنگ نابێت.

گاڵتە کردنە بەسیاسەت پێکەنینە بە دیموکراسیەت کە دەڵێن کورد خاوەنی حکومەت و بەرلەمانە، ئاخر کام بەرلەمان ئەو بەرلەمانی کە ئەندامەانی کە هومووو کوڕە ئاغاو شێخ و خاوەن موڵک و ڕەیس عەشرەتەکانن و هێچ ئیرادەیەکیان نیەو فەرمانبەرێکی حزبەکانیانن و تەنانەت ناتوانن بەبێ ڕەزامەندی حیزبەکانیان بچنە ناو هۆڵی بەرلەمانەوە ئەبێت ئەمە چ بەرلەمانێک بێت چ هیوایەک بەو جەماوەرە بدات کە دەنگی خۆیان خەسار کرد بۆ ئەو دوو حیزبە بۆ ئەوەی دڵسۆزی و نیشتمان پەروەری خۆیان بسەلمێنین بۆ نەتەوەی کورد هیوادارم گەلی کەرد بە هەموو چین و توێژەکانیەوە وەکو گەلی ئۆکرانیا کەڕژانە سەر شەقامەکان و تواتیان قەیرانی سیاسی وڵاتەکەیان بەک لا بکەنەوە، ئەوانیش بەیەک دەنگ بڕژێنە سەرشەقامەکان و بچنە بەردەم بەرلەمان و حیزبی نەسازو موخالیف سەرکۆنە بکەن.

rafathallbjaey@hotmail.com